www.kurdistannet.org
26-2-2006 11:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وڵاتی بەفر و سەمای خەونەکان (شانۆیی سەمای جەنگ) نوسینی چیخۆف: .. دەرهێنانی ئومێد شێخ حسێن



دەوەن خەمی گەورەی مرۆکانی ئەم ئەستێرەیە، هاتنەدی خەونەکانە بۆ جوانکردنی ژیانی مرۆکان و کۆتای هێنان بە تاریکستانی ڕۆژە جەنگیەکان و شەوە خوێناویەکان، بۆ سپیکردنەوەی ڕۆحە سوتاوەکانی باڵای هونەر و زیندو کردنەوەی دەقە شانۆییەکان لە ناو خەونە تێکشکاوەکاندا.

دەکرێ بڵێین خەون و خەیاڵە عەجولەکانی هونەرمەند (ئومێد شێخ حسێن) یەکێکە لەو خەونە یاخییانەی، کە هەمیشە لێوان لێوە، لە داهێنان و جوانکاری بۆ شانۆ و هونەر لە گشت سنورە جیاوازەکان و زەمینە پارچە پارچەکاندا، سنەوبەری باڵای ئەم هونەرمەندە رەنگێکی شانۆی لە خۆی گرتووە، لە هەر زەمینێک بێت (، دەنگە، ڕەنگە، جەستە) یە لە ناو دەقەکانی (شکسپیر و کرۆتۆفسکی و ستانسلاڤسکی) دا، لە ئێستاشدا هونەرمەند (ئومێد شیخ حسێن) لە سەمایەکی جەنگدایە بۆ هاتنەدی خەونەکانی (چیخۆف) و نوێ بوونەوەی گەڵاکانی تەمەن لە شانۆدا.

هونەرمەند (ئومێد شێخ حسێن) لە ژیانی هونەریدا، توانیویەتی خەڵاتی باشترین ئەکتەری شانۆ، لە سەر ئاستی (ڤیستیڤاڵەکانی کوردستانی و عێراقی) لە ساڵەکانی (1989 و 1991) بە دەست بێنێت، لێرەش لە وڵاتی بەفر و خەم و تەمدا، وەک دەرهێنەرێک کارە جدیەکانی خۆی نمایش کردووە و خاوەنی چەندین نمایشی شانۆییە لە وڵاتی (سوید) و نوێترین نمایشی بریتی بووە لە شانۆی (پیاوێک لە بەهەشتەوە) کە بووە هۆی سەرنجدان و بایەخ دانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامە سویدیەکان، لە ئاکامدا کەناڵی (2) ی سوید ڕیپۆرتاژێکی گرنگی لەسەر ئەم کارە شانۆییە بڵاو کردەوە و هونەرمەند (ئومێد حسێن) ی وەک دەرهێنەرێکی بە توانای کورد لە وڵاتی سوید پێناسە کرد، دوواجار ڕۆژنامەی (Nerikes Allehanda) لە سەر زاری ڕەخنەگری شانۆی سویدی (ستێڤان لارشۆن) لە نوسینێکیدا ئامارژەی کردووە بە سەلیقەو لێهاتووی ئەم هونەرمەندە کوردە، ئەوەی جێگای باس و قسە

کردنە کە شانۆیی (پیاوێک لە بەهەشتەوە) بە زمانی سویدی لە شاری (ئۆرۆبرۆ) نمایش کرا، پاشان وەک ئەکتەری سەرەکی ڕۆڵی پاڵەوانی لە شانۆنامەی (یوسف و ماریا) دا بە زمانی سویدی بینیوە، لێرەدا شایستەی وەبیر هێنانەوەیە، ئەم هونەرمەندە غوربەت و تاراوگەی کردۆتەماڵەکانی داهێنان و، بۆ هەمیشە لە سەمایەکی جوانکاریدایە، بۆ ناساندنی شوناسە مەعریفیەکانی شانۆ و داهێنانەکانی وەک (ڕۆژێکی گرنگ، ئەو نامانەی پێویست بوو بگەن، لیدی ماکبێس، پیاوێک لە بەهەشتەوە، سەمای جەنگ، یوسف و ماریا) سەرجەم ئەو بەرهەمە شانۆییانەن کە هونەرمەند (ئومێد شێخ حسێن) لە تاراوگە و لە ئاسمانی دوورە وولات بەرهەمی هێناون، لە ئێستادا هونەرمەند ئومێد شێخ حسێن لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ نمایشی شانۆیی (سەمای جەنگ) لە نوسینی (چیخۆف) و دەرهێنانی (ئومێد شێخ حسێن) لەگەڵ (تیپی شانۆی تابلۆ) لە نواندنی (شای کەمال، ڕەشاد حسێن، ڕێژین ئیسماعیل و چەند ئەکتەرێکی تر، کە بڕیارە (ڕۆژی شەمە، ڕێکەوتی 04 /2006/03، کات ژمێر 19:00 لە شاری (ئۆرۆبرۆ) نمایش بکرێت، ئەم شانۆنامەییە میوانداری کراوە لە لایەن (کۆمەڵەی کولتوری کوردی) لە شاری بۆرۆس لە بەرواری 2006/03/11 کات ژمێر 17:30 ی پاشنیوەڕۆ لە هۆڵی گەورەی (ڤێڤارن) لە کتێبخانەی گشتی نمایش دەکرێت، هونەرمەند ئومێد شێخ حسێن لەم نمایشەدا، لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا پێکەوە لە باوەشی دارێکی سنەوبەردا سەما دەکەن بە دەم پڕوشەی بەفر و شنەی شەماڵێکی ئێوارەوە... لە دووا جاردا هیوای تەمەن درێژی بۆ هونەرمەند ... (ئومێد شێخ حسێن) و داهێنانە زەنگینەکانی. !